## فەرمانبەران و کاسبکارانی ئازەربایجانی لە بۆکان

لە سەردەمی قاجارەکان و پێش ئەوانیشدا کە سیستەمی دابەشکرانی شارەکانی ئێران لە سەر بنەمای ئەیالەت و ویلایەت دانرابوو، موکریان "ویلایەت" ێک بوو سەر بە ئەیالەتی ئازەربایجان. وەلیعەهد واتە جێگری دواڕۆژی شا، لە تەورێزەوە حاکمی بۆ ویلایەتی موکریان دیاری دەکرد. ناوەندی ویلایەتەکە، 'سابڵاغ' بوو کە لە نووسیندا وەک 'ساوجبڵاغ' دەنووسرا و بۆ ئەوەی لەگەڵ گوند یا شاروچکەی ساوجبڵاغی نزیک تاران نەشێوێت، بەمیان دەگوت 'ساوجبڵاغی موکری' واتە ناوی ویلایەتی موکری لەسەر شارەکە مابووەوە.

لەئێرانی سەردەمی ڕەزاشای پەهلەویدا سیستەمی ئوستانی دامەزرا و ئازەربایجان بوو بە ئوستانی چوارەم، کوردستان و کرماشان و ئیلام و هەمەدانیش بوونە ئوستانی پێنجەم. دواتر ئوستانەکان نەک بە ژمارە بەڵکوو بە ناو، ناو نران و ئوستانی پێنجەم بوو بە ئوستانی کرماشان کە پێکدەهات لە 'ئوستان' ێک و سێ 'فەرمانداریی کولل'. سێ "فەرمانداریی کوللەکە، بریتی بوون لە کوردستان و ئیلام و هەمەدان. دەرنگتر فەرمانداریی کولل نەمان و هەموویان بوون بە ئوستان.

هەموو ناوچە کوردنشینەکان لە ماکۆوە تا بۆکان و سەردەشتیش بە ویلایەتی موکرییەوە کەوتبوونە سەر ئوستانی ئازەربایجان. کاتێکیش ئازەربایجانیان کرد بە دوو ئوستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئەو ناوچە کوردنشینانە هەموویان کەوتنە سەر ئازەربایجانی ڕۆژئاوا.

هەر لە ساڵانی حوکمی ڕەزاشادا، ناوی ساوجبڵاغی موکریش گۆڕا و بوو بە مەهاباد، ئیتر نیشانەیەک لە موکری و ویلایەتی موکری لە دابەشکردنی ئوستانیی ئێراندا نەما. بۆکان و سەردەشت دوو "بەخش" ی شارستانی مەهاباد بوون و بۆ ساڵانێکی زۆر بە هەرسێ شارەکە یەک نوێنەریان لە پەرلەمانی ئێراندا هەبوو. پاشان سەردەشت بوو بە شار و لە مەهاباد جیابووەوە، ئینجا لەم ساڵانەی دواییشدا بۆکان.

لە سەردەمی ڕەزاشادا دام ودەزگای ئیداری پەرەی سەند و ئیداراتی زۆری وەک فەرمانداری، بەخشداری، پۆلیس، ژاندارمری،ماڵیە، سەبتی ئەحواڵ، سەبتی ئەسناد، بیهداری و فەرهەنگ لە شارەکاندا کرانەوە و ژمارەی فەرمانبەرانی دەوڵەت چەند قاتی جاران ڕوویان لە زیادی نا. بەشی زۆری فەرمانبەرەکان بە تایبەت پۆلیس و ژاندارم خۆجێ یی نەبوون و لە ئازەربایجانەوە دەهاتن. واتە بە پێچەوانەی سەردەمی قاجار کە سەردار موکری خۆی کورد و خەڵکی ناوچەکە بوو ودەست وپێوەندیشی هەموو یا زوربەیان کورد و خەڵکی ناوچەکە بوون،، بەڕێوەبەرایەتی کارەکان سەرجەم کەوتە دەست ئازەرییەکان.

هۆکارێکی مەسەلەکە ئەوە بوو کە لە سیستەمی حکوومەتی قاجار واتە پێش پەهلەویدا دام ودەزگای حکوومی ئەوەندە بەربڵاو نەبوو و لە حاکمێک و دیوەخانەکەی و چەند نۆکەر و گزیر و باج بگیر تێپەڕ نەدەبوو لە کاتێکدا سەردەمی پەهلەوی سەردەمی پەرەسەندنی سوپا و کرانەوەی پادگان و دامەزرانی پۆلیس و ژاندارم و دیهداری، بەخشداری، فەرمانداری و هەروەها ئیداراتی هەمەچەشنەی وەک دارایی و سەبتی ئەحواڵ و سەبتی ئەسناد و بیهداری و فەرهەنگ و.... بوو.

کرانەوەی هەموو ئەوانەش هاوکات بوو لەگەڵ فەوتانی ویلایەتی موکری و و ئیتر شارەکان بۆ نموونە مەهاباد یا شنۆ یا سەردەشت یا بۆکان هەرکام بە ناوی شار یا بەخشێک بە ورمێوە بەستران واتە ئوستانێک بە ناوی موکریان بنیات نەنرا. جا هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دامەزرانی ئەو ئیداراتە لە ناوچەی بۆکان و بە گشتی موکریان، مەئموورانی ئازەربایجانی لە تەوریز و ورمێ و مەراغە و میاندواوەوە ڕژانە موکریان و کارەکانیان بە دەست خۆیانەوە گرت. ناوەندی بڕیاردەر لە سەر چارەنووسی شارەکان، ورمێ بوو و سەرۆکی هەموو یا زوربەی ئیدارەکانیش ئازەری بوون. بۆنموونە، یەکەم سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگ لە بۆکان – نەمر حاجی میهدی شەبیانی، تورکی ئازەری بوو و "مەجد" – کە ئەوەندەی بزانم لە ساڵی ١٣١٥(١٩٣٦) دا یەکەم "حاکم" (شتێکی وەک "بەخشدار") ی بۆکان بوو، هەر ئازەری بوو. ئەو ڕەوتە تا کۆتایی سیستەمی شاهی لە ئێران درێژەی کێشا و لە کۆماری مەلایانەشدا بە هۆی دەسەڵاتی زۆری سوپا و هاتنی پاسداری بێ هەژمار بۆ ناوچەکە و دوورخرانەوەی خەڵکی خۆجێ یی لە ئەرک وکار و بڕیار و بەڕێوەبەرایەتی، ژمارەی مەئمووڕانی بێگانە لە ناوچەکە چەند قات زیادی کرد.

*****

بەڵام جگە لە فەرمانبەر و کاربەدەستانی حکوومی کە بەگوێرەی فەرمانی دەوڵەت هاتبوونە بۆکان، هەندێک کاسب و میکانیک و شۆفێر و سەنعەتکاری وەک دارتاش و میعمار، یا دووکاندار و بازرگانیش ڕوویان کردە بۆکان و بەشێوەی دایمی لەوێ مانەوە. لە سەردەمی قوتابخانەی مندا ڕەنگە پێنج یا شەش کەسێک لە منداڵانی هەر ئەو ئازەربایجانییانە لە قوتابخانەکاندا هەبوون کە لەگەڵیان دۆست بووین و هاتوچۆیماڵی یەکترمان دەکرد. من لەبیرم نییە هەستم بە جیاوازییەک لەگەڵ ئەوان کردبێت یا کەس بە ناوی عەجەم و شیعەوە بوغزاندبێتنی. ئەو شتانە لە نێو خەڵکانی گەورەشدا نەبوو و خەڵک بەگشتی ڕێزیان لێ دەگرتن. تەنانەت کاتێ کە بەهاییەکان لە سەرەمی پەهلەوی دووهەمدا لە میاندواو ڕاونران، چەند کەسیان هاتنە بۆکان و لەوێ گیرسانەوە ونە دراوسێ ماڵ و نە جیران دووکان دژایەتی نەکردن هیچ، یارمەتیشیان دان ولە مەترسی پاراستیانن. تەنانەت یەکیان دووکانێک لە دووکانەکانی مزگەوتی جامیع لە سەر حەوزەگەورەی بە ئیجارە پێدرا کە تێیدا دارتاشی و دواتریش وێنەگریی دەکرد.

بەگشتی، لەم بوارەدا فەزایەکی سالم و بێ کێشە یا کەم کێشە لە بۆکان هەبوو و ئازەرییەکان بە "غەیرە" و "ناخۆیی" دانەدەنران. کاتێ لە گوندی بوغدەکەندی بوومە مامۆستا، لەبیرمە مجێوری مزگەوتەکە کابرایەکی کورتەباڵای کەم قسە و پیاوچاک بوو کە پێیان دەگوت عەلی عەجەم و هێشتا کوردی قسەکردنەکەی شەقڵێکی تەواوی ئازەربایجانی بەسەرەوە بوو، خەڵکیش هەموو خۆشیان دەویست. لە یەک دوو گوندی دیکەش مجێوری مزگەوت هەر عەجەم بوون. دیارە ئەگەر ئازەرییە شیعەکان کاری وەک مجێورایەتی مزگەوتیان پێ سپێررابێت، خەڵکەکە لە هیچ شتێکی دیکەی ئەوان سڵیان نەکردۆتەوە

و بۆنموونە ئەگەر چەرچی بووبێتن شتیان لێ کڕیون یان ئەگەر دارتاش بووبێتن کاریان پێ سپاردوون وئەگەر میوەفرۆش بووبێتن میوەیان لێ کڕیون. ئەوەش گەلێک جیاوازە بۆ نموونە لەو "هەڵاواردن" ەی کە تا ئێستاش دووکانداری ناو بازاڕی تەوریز "سفتاح" واتە یەکەم پارەی شت کڕین لە کوردی سوننی وەرناگرن!

*****

هۆکاری نووسینی ئەم بابەتە بڵاو بوونەوەی نووسراوەیەکی ڕێزدار جەعفەر مەردانبەگییە لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکاندا بە ناوی "ئازەرییەکانی بۆکان"، کە بیرەوەرییەکانی خۆیەتی لە هەندێک کەسایەتی و بنەماڵەی ئازەربایجانی نیشتەجێی بۆکان. بابەتەکە، بەڵگەیەکی مێژوویی بۆ نووسەرانی دواڕۆژی مێژووی بۆکان و ئەوکەسانە پێک دەهێنێت کە بیانەوێت لە پەیوەندە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمانەی بۆکان بکۆڵنەوە .

لێرەدا بۆ ئاگاداریی خوێنەرانی "بۆکان لە مێژوودا" وتاری کاک جەعفەر دەهێنمەوە و سپاسی دەکەم کە مۆڵەتی ئەو ڕاگواستنەی پێداوم.

**ئازەرییەکانی بۆکان**

**نووسینی کاک جەعفەر مەردانبەگی**

## ئازەریەکانی بۆکان

لە کتێبی بۆکان لە سەدەی بیستەم دا نوسینی ڕێزدار رەحمان محەمدیان، چاوم کەوت بە پەخشانە شیعرێک لە شاعیری بەرز و خۆشەویستی گەلەکەمان نەمر عومەری سولتانی(وەفا) بە نیوی "بیری رابردوو".

لەم پەخشانە دا نەمر وەفا بەو پەری دڵسۆزی و بێ لایەنیەوە بۆ دانیشتوان و کەسایتی و دیمەنی شارەکە بە جوانی دەدوێت و لەش و هەستی هەر خوینەرێک کە شارەزایی و بیرەوەری  لە گەڵ شارەکە و خەلکەکەی دا هەبێت دەهەژێنێ و بۆ چەند ساتێک سواری باڵی خەیاڵی ئەسپی خەیاڵ دەبێت ودەڕواتەوە شارە خەمینەکەی وەفای نەمر.

به خوێندنەوەی پەخشانەکە بە کوڵێ گریان و چاوی پڕلە فرمێسک، گەلێک بیرەوەری کۆنم لە پڕ هاتنەوە بیر لە گەڵ دۆستان و هەواڵاندا؛ بە تایبەت یەکێک لەو هەوالانە ئازری زمان بوو. ڕوومان دەکردە باغ و بیستانەکان بوو خواردنی چەقالە قەیسی و شەکرە سێوەی باخەکان، لە پڕێکدا هاواری بیانگرن! بیانگرن! بەرز دەبووەوە. ڕامان دەکرد ودوای ماوەیەک ڕاکردن لە سە ر کانی مەلا علی ئاوێکی ساردمان دەخوواردەوە و دوای پشوودان بەرەو شار دەکەوتینەوە ڕێ؛ یادی بەخیر!

زۆر لە سەر شاری بۆکان و ناوچەکانی سەر بەم شارە و کەسایەتەکانی لە هەموو بۆواریکی سیاسی، فەرهنگی، هونەری، ئابووری و کۆمەڵایەتی باس و لێکوولینەوە کراوە و نوسراوە و جێ پێیان لە مێژووی ئم شارە دیارە و هەمیشەش دەمێنێت. منییش ناچمە ناو ئەم باسەوە، بەڵام هەندیک مەسائیل و موشکلات لەم سالانی ڕابوودوە دا ڕوویان داوە کە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ ئەو کات بەراورد ناکرین. بوو نموونە، لە شارێکی چووکی وەک بۆکان حوسەینیە بۆ شیعە کان بینا کرا بوو بەڵام لە شارێکی گەۆرەی وەک تاران ئەهلی سوونە لەم مافە بیبەش بوون، لە حال و وەزعی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا کە کۆردستانیش ئەگریتەوە بە داخەوە هەموو کاتێک و ساتێك هەواڵی دڵتەزین و نادیاریکراو دەبیستین بە تایبەت لە بوواری ئایینی و هەروەها جیاوازی و تەفرەقە لە نیوان ئایینەکانی شیعە ،سوونە، کەلیمی، بەهایی کە ئەمەش دەگەڕیتەوە سەر سیاسەتی حکومەتە داگیرکەرەکان کە لە ماوەی ئەم سی سالە دا ڕوویان داوە و ئێستاشی لە گەل بێیت نەک بەرەو باشی نەچووە بەڵکو خراپتریش بووە و دەبێت، بەلام مەبەست لەو قسانە، دەمهەویت ژیانی ئێستای خەڵکەکە لە باری کۆمەلایەتیەوە هەڵبسەنگێنم لەگەڵ ساڵانی ڕابردو. لە شاری بۆکان جیا لە دانیشتوانی کورد نەتەوەکانی جوراو جوریش نیشتەجێی ئەو شارە بوون وەک ئاسووری، بەهایی، کەلیمی، و ئازەریەکان و ساڵانی زۆر لە گەڵ یەکتری ژیاون و هیچ کەندو کوسپێک نەهاتوتە پێش و زوریش بە ڕێزەوە مامەلەیان لەگەل دەکرا، ئەوانییش بە پێی لێوەشاوەیی یان تێگەیشتن لە سەر مەسائیلی ڕۆژ و بۆارەکانی جوراجور یارمەتی خەلکی و شارەکەیان دەدا. لیرەدا مەبەست ئازەریەکانی شاری بۆکانن، لە حالی حازر دا ژمارەی دقیقی ئەو کەسانەی ئیستا لە بۆکان دا دەژین لە دەستا نییە بەلام بە پێی پرسیار لە کەسانێك زۆربەیان ئیستاش لە بۆکان دا دەژین و ئەوانەی کە ڕوییشتوون جارو بار بۆ سەردان و بە سەرکردنەوەی هەڤالان و شارەکە دێنەوە بۆکان.

لییرەدا کە باسی لیوەشاوەیی و خزمەتی برا ئازەریەکان بە شارەکە دەکرێت، بە مانای ئەوە نییە کە لە پییش ئەواندا کەسی دیکە ئەم کارانەی نەکردبییت.

**پۆست و تلەگراف:** ئاغای سالحی، پیاویکی چوکەلە و رەشتالەی لەبەردلان بوو، بەیانان زوو بە جانتاکەیەوە پر لە نامەی خەلکی، شەقام بە شەقام و دوکان بە دوکان وکۆلان بە کۆلان دەگەڕا و نامەکانی خەلکی دەگەیاند، سالحی دو کچ و کۆریکی بوو: خانم سالحی کە مامۆستا بوو، مەنیژە و ئەحەد.

**پۆلییس** ( شەهرەبانی): نادری پاسەبان سێ کوڕ و کچییکی بوو؛عەسکەری پاسەبان کە کورەکەی ئیستا لە بۆکان دەژیت، حەمیدئاغای پاسەوان.

**دەرمانگا و بیمارستان:** ئاغای ئازارەشی، کورەکانی: خوسرەو، موجتەبا ومورتەزا؛ عەباس ئاغا؛ موحەمەدی ئامپول زەن؛ دوکتور یارمحەممەدی؛ خانم میرزایی؛ دوکتور سلامەت بەخش؛ فەزلعەلیزادە؛ بیهرەوان و خوسرەو شاهی.

**شەهرداری** (شارەوانی)**:** مەولاقوڵی پینچ کور و دو کچی بوون، حوسین، حەسەن، سوهراب، فەرامەرز، عەلی.

**بەننا و گەچ کار:** وەستا ئەسەدولا، وەستا موحەمەدی شاهسەواری، قادر، عادل، وەستا حوسین رەنجبەردوست، وەستا غەفاری بەننا. **معمار:** باوکی حوسین علی پوران کە زۆربەی قۆتابخانەی بۆکانی دروست کردبوو.

**شیرینی پەزی:** برادەران دوکانیکی گەورەی بوو و نوقل و شیرینی شارەکە و دەور وبەری دابین دەکرد و دوکانداران پێویست نەبوو ئیتر بۆ کڕینی شیرینی بەرەو شارە گەورەکان وەرێ کەون.

**زێرینگەری:** کریم ئاغای زێڕینگەر. خەڵکی بۆکان بۆ کرین یان گۆرینەوەی زیری شکەستە دەچوونە شارە گەۆرەکان بلام بە هاتنی کریم ئاغا ئەم مۆشکلە حل بوو. زۆر کەس لای ئەو فیری زێڕینگەری بوون.

**ئاسنگەری:** مەشهەدی سمایلی شێخ بەگلوو زۆری خزمەت بە جوتیاران و خەلکی شارەکە کرد،بەتایبەت دروست کردنی ترومپا لە بۆکان یارمەتیدەرێکی زۆر بەکەڵك بوو.

**میکانیک :** وەستا حوسین نیکفال زۆر شارەزا بوو زۆر لە لاوانی فیری میکانیکی کرد وەک خالید بهاری و ئەحمەدی ئیسلامی. باۆکی **جوجەی ئیرانی** ش میانیک بوو.

**میکانیکی کەرستەی کەشاورزی:**نیعمەتی شیخی و براکانی خزمەتیکی زوریان بە جوتیارانی ناوچەکە کرد بە هێنانی کۆمباین و جەنجەر ئیشی ئەوانی سووکتر کرد، نیعمەتی شیخی لە لایەن ئازەریەکانی بۆکان رێزی زۆری لی دە گیرا و خەرجی رۆژانی مانگی موحەرم لە سر شانی ئەو بوو.

**فەرش فرۆشی:** مەشهەدی نەقی، لە شاری بۆکان دۆکانی فرش فروشی نەبوو و زۆرتر لە سەر شەقامەکان یان لە میدانی شار دا دەیفرۆشتن. بە دانانی دۆکان لە لایەن مەشهەدی نەقی، فەرش فرۆشی بوو بە باو.

**شوفیر :** ئەکبەری شەکەرانی ( ئەکبەر ئاسۆری) زاوای حەسەن زەیرک بوو و کاک فیصل میاندواوی زاوای حاجی حوسینی فاتحی بوو. برایم نادرعەلی کۆری نادری پاسەوان بوو ئەوانە ماشینی گەورەیان لێدە خوڕی.

**ددانساز:** میکائیل لە ئەسل دا ئەرمنی بوو و مەتەبێکی ڕێک و پێک و کەرستەی خاوێنی بوو.

**دەلاکی :** حەسەنە کەڕ بیجگە لە دەلاکی کاری خەتەنەشی دەکرد ، حەسەنە کەڕ و کیفە چووکەکەی لە یادی ئەو کەسانەی کە خەتەنە کراون ماوە ە دەمینیت، بۆ خۆم کە قووربانی دەستی ئەو بووم ئەگەر بە هەلکەوت تووشی دەبووم هەلدهاتم!

**وینەگەری :** قوربانزادە بەهائی بوو ئینسانیکی بی ئازار و قسە خۆش بوو ؛ کاتی وینەگرتن دەیکوت پیکەنین بکەوە! یان دەیکوت ئینسان گابلی تەرە گییە ئەمن دوێنێ دارتاش بووم ئەمرۆ عەککاسم سبەی دەبمە شوفیر تەیارە!

**دارتاش( نەجار):** وەستا بیلال ئەویش بەهائی بوو و بە نوێی ترین کرەستە ئیشی دەکرد و زوربەی شاگردەکانی بوون بە وەستا وەک وەستا قادر، وەستا فەتاحە سوور، وەستا سمایل، وەستا بیلال لە ئنقلاب دا بوو بە موسوڵمان و خەتەنەیان کرد، پاشان پەشیمان بووبوەوە و دەیگوت: "هەم دینەکەم چوو هەم.....!"

**کەشاوەرزی:** مەشهەدی رحیم ئاغا زەوییکی زۆری لە ئاغاکان بە شەریکی وەرگرتبوو ،گەنم و جۆ و و هیرەڵماسی بەرهەم دەهێنا.

**سەوزیکاری:** مەشهەدی مەمەد شەریف زادە وخێزانی فاطمە خانم لەو بەری جۆگەی بەربەردان باخچەیکی گەورەیان بوو سەوزیکاریان دەکرد و بیجگە لە مایحتاجی سەوزی شارەکە، بۆ شارەکانی

وەک بانە، سەقز، مەریوانیشیان دەبرد. دوکانی سەوزی فرۆشیشیان لە ناو شار دا هەبوو کورەکانی ناویان داداش، مەحموود، حاج عەینی و برایم بوو. کەسیکی تر بە ناوی **سەیفالی** لەو بەری پردی میراوا نزیک سەلاخ خانە، باخچەی سەوزی بوو.

**باخداری:** پیاوێک ئاگاداری دارچنارەکانی ماڵی قاسم ئاغا و کاک سەلاح موهتەدی دەکرد ناوی **وستا مالیک** بوو،پیاوێکی پیر بەلام ئازا و چالاک و سامناک، کاتی پشوی مەکتب، قوتابیان بۆ دەرس حازر کردن دەچونە ناو قۆرغەکان، جاروبار وەستا مالیک سەردانی قۆرغەکەی دەکرد و دەڕویشت. **عەلی وەفادار** رەفیقی کاک عزیزی برام بوو لە یەک کۆلان دا بووین ،چاووی ماری در دەهینا. لە سەر دار بڕینەوە بۆ تووری والیبال یک دو جار لە گل وەستا مالیک درگیر دەبن، رۆژیک علی وەفادار بۆ درس حازرکردن دەچێتە ناو قۆرغەکە کاتی ڕۆیشتنەوە ماڵێ دەیهەوێ خوداحافیزی لە وەستا مالیك بکات، لە ترسان لێی هەڵە دەبێ و بە جێی "وەستا مالیك خودا حافیز" دەڵێ: "وەستا حافیز خودا مالیك" ئەویش پێوایە شوخی پێ دەکات، هەتا نزیك ماڵێ وەدوای دەکەوێ.

**دووکاندار:** داداش شریفزادە کەبابی بوو، **عادل ئوروج**، لە سەر فەلەکەی ناو شار جیرانی سالەی گڵێنە دۆکانی بوو و بەیانان زوو خەڵکی بۆ خواردنی هەنگوین و کەرە دەچونە لای ئەو، **علی بوغلو** بار فرۆشی میوە بوو روبەروی **رەحمانی بهرامی** بوو.علی بوغلو کڵاویکی لەبەداری لە سەر و هەمیشە قلیانی بە دەمەوە بوو. **غولامە کۆیر**، لە تەنیشت سینەما دۆکانی توو و پستەی بوو. **سلطان علی و قیبالی** لە گەرەکی قولە دۆکانییان بوو . پیاوێکی مل دریژ داری دەفروشت بە ناوی **مەشهدی مل ......** لە حەمامی کاکا غای کەیخوسرەوی پیاوێکی دریژ و لاواز کیسەکیش بوو بە ناوی **حەیدەر**.

**ئاشپەز:** نەغدالی یان ( **نقد علی** ) لە سر ئەم پیاوە لە مالپەری بۆکان ماموستا **ح.س.سۆران** نوسیبۆی و پیویست ناکا منیش باسی بکەم بەلام بیرەوەرییەک کاک عەزیزم دەیگێڕاوە باسی دەکەم: "نەغدالی لە جادەی کەمەربەندی کافەی بوو و زوربەی شوفیری تانکەرە نەفتکێشەکان لای ئەو دەحەسانەوە ، نەغدالی رقی لە ماشینی ژیان بوو ، کاک عەزیز ژیانێک دەکڕێ و لە گەڵ هەڤالانی بۆ خواردنەوە دەچنە لای نەغدالی ، بە دیتنی ماشینەکە، دەلی عەزیز تۆم خۆش دەوی بەلام ڕقم لەم ژیانەیە. کاکە عەزیزدەڵێ بۆ؟ نەغدالی دەلێت ئاخە ژیان پەپلەی کوشتوە! دەپرسێ چۆن؟ نەغدالی دەڵێ ئەوە نیە ماملێ گوتوویە: "ژیان وئەرکی ناخۆشی پەپوولەی ئارزوی کۆشتم"، بۆیە ڕقم لە ژیانە چونکە پەپلەی کوشتووە!

**سینەما:** علی شەل، هەمزە.

**مامۆستایانی قوتابخانە:** ئاغای بیگلری، ئاغای سیروس توفیق، ئاغای ئەکبەرزادە.

ئەم کەسانەش کاری ئازادیان بوو : **ئیبەوە کوێر. ڕەمە، ئەکبەر، ئوروج.**

**ئەو کەسانەی ژیانی هاوسەرییان لە گەڵ ئازەری زمانان پێک هێناوە :**

**حەسەنە دووگە** برای کاک حەمە ڕەسووڵی کاکەڵڵا،

**حەمەدمین مەلامحمودی** کارمندی شهرداری.

**غەفور ئاشناگر** مودیری سینەمای بۆکان.

**عوسمان فەتحی** لە گەڵ خانم میرزایی کارمەندی بیمارستان.

**ئیسماعیل فەتحی** لە گەڵ مەنیژە  ئەورامی پور

**قاسم مەحمودی** لە گەڵ ژیلا ئەورامی پور

**عەبدول کاوەیی** لە گەڵ کچی نەغدالی

**سەعید پەرهیز** لە گەڵ کچیکی خەڵکی مەراغە

**کاک قادر خاکی** (میوە فروش)

**جەعفەر حەسەن زادە** لە گەڵ خۆشکی ڕەمە (ڕەحمەتوڵلا)

**سەید رەسول عەزیزی** لە گەڵ کارمەندێکی بیمارستان.

حەسەن کوردپوور (مامۆستای قوتابخانە)، لەگەڵ کچێکی خەڵکی دەوروبەری مەراغە

لە کۆتاییدا، ئەگەر ناوی کەسانیک نەهاتووە، یان لە بیر چوون، داوای لێبووردن دەکەم و هیوادارم کەسانیتر ناتەواوییەکانی تەواو بکەن.

جەعفەر مەردان بەگی

هۆلاند

**20- -8  -  2011**